www.kurdistannet.org
23-11-2005 21:37بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەنگی تۆ و شەرعییەت... محەمەد ڕێكانی

## یاساناس

هەر كارێكی سیاسی و یاسایی ئەنجام بدرێت، دەبێت شەرعیەتی یاسایی هەبێت و دواجاریش لەلایەن جەماوەرو هاوڵاتیان و لایەنە سیاسییەكانەوە ڕێزی لێ بگیرێت.
هەڵبژاردن بە گرنگترین كاری یاسایی و سیاسی دادەنرێت و شەرعیەتی هەڵبژاردنیش خۆی لە چەند خاڵكێدا دەبینێت، كە لە ژێر ناوی Election Riggers فێڵ و غەشی هەڵبژاردن دادەنرێت.
سەرەتا بوونی ڕۆشنبیری و هۆشیارییەكی باشی هاوڵاتیان سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن و شێوازەكای و چۆنیەتی بەرێوەچوونی خاڵی یەكەمی بەشداری ئەكتیڤانەی هاوڵاتیانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.
خاڵێكی تر بۆ بە شەرعی بوونی پرۆسەكە بەكارنەهێنانی ڕێگاو هۆكاری نایاسایی وەك فشار دروستكردن لەسەر دەنگدەرو كڕینی دەنگی هاوڵاتیان و ترساندنیان بە بڕینی ڕزق و ڕۆزییان و دەركردنیان لەسەر كارەكانیان، ئەگەر دەنگیان پێ نەدرێت.
ئەم هۆكارانە دەبنە هۆی لەدەستدانی شەرعیەتی هەڵبژاردن لە لایەك و پاشەكشێی دیموكراتیەت لە ناو كاری سیاسیدا لەلایەكی ترەوە.
بۆیە زۆر گرنگە پرۆسەی هەڵبژاردن دوور بێت لە هەموو فشارێكی نا دیموكراتی و نایاسایی، كە ببێتە ئەگەری لە دەستدانی شەرعییەت و ڕێزنەگرتنی دەرئەنجامی پرۆسەكە، چونكە بەدەستهێنانی ڕێژەی بەرز لە كاتی هەڵبژاردن بەڵگە نیە لە سەر بە شەرعی بوونی پرۆسەكە، ڕژێمی پێشوو باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەم دیاردەیە.
بەتایبەت بۆ ئەزمونێكی وەك كوردستان كە ئێستا كراوەیە لەسەر جیهان، هەموو كارو ڕووداوێك بە ئاسانی دەگوازرێتەوە بۆ جیهان، پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی ڕابردووش لە كوردستان وێنەیەكی جوانیان پێشكەش نەكردووە.